# هاوسەرگیری ژێر تەمەنی ١٨ساڵی روو لەزیادبوون دەکات

ماوەیەکە باس لەوە دەکرێ کە کچانی ژێر هەژدە ساڵی بە زۆر یان بە ئارەزووی خۆیان رەوانەی ماڵی بەخت دەکرێن، ئەمەش گرفت و کێشە بۆ داهاتوویان دروست دەکات. بەمەبەستی تیشک خستنە سەر ئەم دیاردەیە، هەوڵماندا لە نزیکەوە رای ئەوانە وەربگرین کە راستەوخۆ پێوەندیان بەو کێشەیەوە هەیە.

باخان کچێکی تەمەن ٢٤ساڵە و دانیشتوی شاری سلێمانییە، بەر لە حەوت ساڵ، واتە هێشتا لە ژێر هەژدە ساڵەوە دەبێت لەسەر زۆر و خواستی باوکی دراوە بە پیاوێک کە پانزە ساڵ لەخۆی گەورەتربووە و گرێی هاوسەرگیری پێشوەختی بەستوە. باخان دەڵێت: "ئەم هاوسەرگیریەم لەسەر خواستی خۆم نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی من لە خێزانێکی هەڵوەشاوەدا بووم و لەگەڵ باوکمدا ئەژیام، بەناچاری لەو تەمەنەدا قبوولم کرد، هیچ ئەزموونێکم نەبوو تا نتوانم زاڵ بم بەسەر کێشەکانمدا و پێکەوە نەدەگونجاین" ئەمەش کێشەو گرفتی لێکەوتۆتەوە.

باخان ئاماژە بەوە دەکات کە پاش تێپەربوونی دووساڵ لەیەکتر جیابووینەوە و لەناخیشەوە هەست دەکات کە کۆتێکی قورسی لە کۆڵ بۆتەوە.

هاوسەگیری پێشوەخت یەکێکە لەو دیاردانەی کەلەم ساڵانەی دوایدا بە شێوەیەکی بەرچاو لەزۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو گەشەی کردووە و زۆربەی رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ ئاماژە بە مەترسیە کوشندەکانی دەکەن بۆ سەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە لە رووی لایەنەکانی تری ژیانەوە لە ژێر ئاستی پێوستدان و ژیانیان لەچاو وڵاتەکانی تروە زۆر گرانە و ناخۆشە.

لە کوردستانیش ئەم دیاردەیە لەم چەند ساڵەی رابردوودا بەهۆی چەندین هۆکاری جیاوازەوە لە پەرەسەندندا بووە و کاریگەری خراپی هەبووە لە سەر ئەو کەسانەی کە هەندێکیان بە ئارەزووی خۆیان و هەندێکیتریان بە زۆرەملێ توشی ئەم چارەنووسە بوون.

محەمەد جەمال کە مامۆستای یەکێک لە ئامادەیەکانی شاری سلێمانیە و سەبارەت بەو کێشەیە دەڵێ: "رێژەی هاوسەرگیری پێشوەخت زۆر رووی لەزیادبوون کردووە و هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ دوو لایەن، یەکەمیان پەیوەندی بە دواکەوتی ئەو کۆمەڵگەیەوە هەیە، واتە هەتا کۆمەڵگەیەکی دواکەوتومان هەبێ، ئەو جۆرە کارانە شتێکی ئاساییە، دووەمیشان دەکەوێتە سەر ئەو کەسە خۆی، کە ئایا بە زۆر ئەوەی لەگەڵدا ئەکرێت یان بە رەخبەتی خۆیەتی، یان هەندێ جار دیاردەی لاسایی کردنەوە کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو جۆرە دیاردانە، من وەک مامۆستایەک ئەم دیاردەیە بە زۆری لەلای رەگەزی مێیینە دەبینم"

مامۆستا ئاماژە بەوە دەکات کە "ئەمە کارێکی هەڵەیە،چونکە بەهۆی نەبوونی ئەزموونیانەوە، دواتر کارەکەیان شکست دەهێنێت"

ئامانج عارف سەبارەت بەم دیارەیە وتی"بەهۆی نزمی ئاستی رۆشنبیری دایکان و باوکان کە زۆر جار پشتگیری بە تایبەتی لە کچەکانیان دەکەن بۆ ئەم جۆرە هاوسەرگیریە،کە بەداخەوە زۆر جار دەبێتە هۆی شکستی هاوسەرگیریەکەیان و تێکشکانی ژیانی کچەکانیان".

بەشێکی زۆری ئەم هاوسەگیریەش پەیوەندی بە هەژاری مادی و کەم هۆشیاری ئەو خێزانەوەیە کە هاوسەرگیریەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، کە زۆر جار بۆ ئەوەی کچەکەیان شوو بە دەوڵەمەندێ بکات، یان بە کەسێک کە لە ئەورووپا و هەندەران دەژیت، بێ گوێدانە زۆری جیاوازی تەمەنیان دەیاندەن بەشوو، یان بەهۆی دەستکورتیانەوە توانای بەخێوکردنیان نییە و دەیانهەوێت ئەو ئەرکەیان لەسەر شان لاچێت، بێ ئەوەی بەتەنگ دوارۆژی مناڵەکانیانەوە بن و بتوانن ژیانێکی ئاساییان بۆ دابیین بکەن.

پارێزەر جوانە محەمەد لەمبارەوە دەڵێ "تەمەنی ١٨-١٩لە رووی ئاساییەوە پەسەندە، ئەگەر بتوانن زاڵ بن بەسەر کێشەکانیاندا، بەرای من وەک پارێزەرێک لە خوار ئەم تەمەنەوە لەرووی کۆمەڵایەتیەوە زۆر ناپەسەندە،چونکە لەو تەمەنەدا ناتوانن زاڵ بن بەسەر کێشەکانیاندا بە تایبەتی لە ئێستادا کەهیچ شتێک دابین نەکراوە بۆ گەنج تا بتوابێ ژیانی هاوسەگیری بەبێ کێشە بەسەر بەرێ".

ئەم پارێزەرە پێیوایە کە زۆرجار ئەم هاوسەرگیریانە بەبریارێکی بە پەلە و رووکەشانە ئەنجام دراون، دوای ئەوەی دەکەونە واقعێکی تاڵەوە پەشیمان دەبنەوە.

زۆر کەسیش پێیانوایە کە تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری بەپێی ئاستی ژیری کەسەکان دەگۆرێت.

پارێزەر کارزان عوسمان ئاماژە بەوە دەکات "هەموو کەسێک دەتوانێت لە تەمەنی (١٨-١٩)ساڵیدا ئەو بریارە بدات و گرێی هاوسەرگیری ببەستێت"

ئەو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: 'بەڵام لە خوار ئەم تەمەنەوە بە ناپەسەندی دەزانم ناپەسەندیەکەشی دەگەرێنمەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە ئەو گەنجانەی لەو تەمەنەدان خاوەنی ئەزموونێکی باش نین، ئەو هاوسەرگیریە لەسەر بنەما و بنچینەی سۆزداری دروست دەبێت بەتایبەتی لەم سەردەمەدا،دەبینین سۆزداری پێش مەنتیقی عەقڵ دەکەوێت و دواتر دەکەوێتە واقعێکی تاڵەوە کە پێشتر بیری لێنەکردۆتەوە و ئێستاش ناتوانن چارەسەری کێشەکانیان بکەن. ئەو کەسانە بەرنامەی دارێژراویان نییە بۆ ژیانی خۆیان و داهاتووی خۆیان، شڵەژاویەک دەبینم بە گرێبەستی هاوسەرگیریەوە، گلەیم زۆر لە دایک و باوکان هەیەکە پشتگیری کوێرانە دەکە،بێ ئەوەی بیر لە داهاتووی مناڵەکانیان بکەنەوە.

راستیەکەی ژیانی هاوسەرێتی لەم سەردەمەدا زۆر گران و سەخت بووە، راستەوخۆش دەوەستێتە سەر ژن و مێرد کە چۆن کێشەو گرفتەکانی رۆژانەیان چارەسەر دەکەن، یا رێگە چارەیان بۆ دەدۆزنەوە. کاتێک تێگەیشتن و خۆشەویستی بەبنبەست بگات، ئیدی جیابوونەوە دێتە ئاراوە، جا ئەگەر منالیان هەبێ، ئەوە ژیانی ئەو منالانە دەبێ بە دۆزەخ، بەتایبەتیش ئەگەر لای باوکەکە بمێننەوە و باوکەکەش ژنی دیکە بهێنێ، یان لای دایکەکە بمێننەوەو ئەویش شوو بە کەسێکی دیکە بکاتەوە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا مناڵەکان زەرەرمەندی یەکەمین دەبن، بۆیە باشتر وایە بەر لە هێنانە دنیای منداڵ، ژن و مێردەکە بیر لە داهاتووی خۆیان و مناڵەکانیان بکەنەوە، ئەگەر کێشەو گرفتیان هەبوو، ماوەیەک بوەستن، کاتێ کێشەو گرفتەکان یەکلایی بوونەوە، ئەوسا بڕیاری مناڵ بوون بدەن.





**ئامادەکردنی: ئارام سپیدارەیی**

# گەشتێک بەناو کەرکوکی هەمیشە گڕدا



کەرکوک! ئەو شارەی کە دەیان موزایەدەی سیاسی و حزبی لەسەر کراوە و دەکرێ، هەر حزبە و ناوێکی لێناوە، بەڵام کە تاوێک بەناویدا گوزەر دەکەی و بە شەقام و کۆڵانەکانیدا دەگەرێی، یان سەردانی فەرمانگەکانی دەکەیت، یەکسەر قسەی ئەو پیاوە گەرمانیەت بەبیردێتەوە کەووتبووی: ' من! یەک ئاواتم هەبوو لە دنیادا، بەڵام ئێستا بووە بە دوان، یەکەمیان هاتۆتە دی، بەڵام هێشتا دووەم ماوە'، لێیان پرسی بوو: ' ئاواتەکانت چین؟!' مامەی گەرمیانی وتبووی: 'یەکەم ئەوە بوو کە کورد سەربەخۆ بێت کەرکوک و گەرمیان رزگاری بێ و حکومەتی کوردی دروست بێ، بەڵام دووەم ئاواتم نەمانی ئەم حکومەتە گەندەڵەیە!!' بەراستی کاتێ شیکاری قسەی ئەو پیاوە دەکەیت و چاوت بە کەرکوک دەکەوێ، دەگەیتە دەرئەنجامێک کە ئەو پیاوە لە خۆرا وای نەوتووە، ئاواتی یەکەمی ئەو ئاواتی هەموو کوردێکی دڵسۆز و شکۆمەندە و بەرەوشتە، چونکە هەموو کوردێک دەزانێ کە زۆربەی دانیشتن و گفتوگۆ و مفاوەزاتەکانی نێوان شۆرشەکانی کورد و حکومەتی ناوەند لە خاڵی کەرکوکدا چەق بەست بوونە و دواتر شکستیان هێناوە، چونکە کەرکوک بەنیسبەت کوردستانەوە وەکو دەریا وابووە بۆ ماسی و بەسەرچاوەی ژیانی کوردستانی زانیووە، بۆیە هەمیشە داکۆکی و پێداگری کردووە لەسەر ئەو شارە و سازشی لەگەڵ حکومەتدا نەکردووە، جگە لەوەش کارتێکی گوشاری بەهێزیش بووە بەدەست سەرکردایەتی شۆرشی کوردەوە بۆ جۆش و خرۆشدانی رۆڵەکانی گەرمیان و کەرکوک لەناو کۆری خەباتی نەتەوایەتی.

سەبارەت بە ئاواتی دووەمی ئەو گەرمیانیە، نابێ کەسمان ئەو ئاواتەکان هەبێ، بەڵام دەکرێ بە زانستیانە دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگی ئەو پیاوە و بڵێین گەندەڵییەکانی حکومەت وای کردووە ئەو شارە دێرینەی کورد کە بەهەزاران کەسی لە پێناودا شەهیدبووە، وابێ ناز کەوتووە، ئێستا تورانی و عەلەوی و بەعسی هەریەکەیان بە جیا گاڵتە بە کورد و مێژووی کورد دەکەن، لەو شارە، دەنگمان لەگەڵ دەنگی ئەودایە بۆ لادانی بەرێوەبەر و بەرپرسە گەندەڵەکان و دانانی خەڵکی پاک و دڵسۆز لە جێگایان.

**رۆژی گەل** وەکو هەفتەنامەیەکی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن، پەیامنێرانی خۆی بە هەندێ شوێنی فەرمی و نافەرمی شارەکەدا گەڕاند، هەتا بەشێک لەو خەم و پەژارەیەی کەلە سنگی وڵاتیانی ئەو شارە پەنگی خواردۆتەوە، بزانێ و لەلای خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە:-

سەرەتا چووینە نەخۆشخانەی گشتی **ئازادی** و لەوێ لەگەڵ چەندین فەرمانبەر و یاریدەدەری پزیشکی و چەند نەخۆشێک کەوتینە گفتوگۆ، **(م.س)** کە یاریدەدەرێکی پزیشکییە و لە یەکێک لە بەشەکان کاردەکار، لەسەر داوای خۆی بە رەمز ناویمان تۆمارکرد کە ئەویشی بۆ ترس لە موحاسەبەکردنی گەراندەوە، لەکاتێکدا نەیدەزانی خۆشاردنەوەش لە بەرپرسیارێتی بەشێکی خۆی گەندەڵیە، ئەو بەرێزە وتی: "ئەم نەخۆشخانەیە یەکێکە لە نەخۆشخانە گەورەکانی عێراق، بەڵام بەداخەوە زۆر پشت گوێ خراوە، بۆ نمونە دەڵێم تا ئێستا ئامێرێکی بەرد شکاندنی گورچیلەی تیادا نییە، تائێستا دەرمانی شێرپەنجەی تیاد نیە. تائێسا بە تەواوی نازاندرێ کێ بەرپرسی لیژنەی(کوالتی کۆنترۆڵە) ئەو دەرمانانەیە کە دێن بۆ نەخۆشخانە، تائێستا چەندین مووچە خۆری ئەم نەخۆشخانەیە هەن کە مانگ بەمانگ دێن بۆ موچەکانیان، ئەبوایە لەدوای رزگارکردنی کەرکوک گرنگی یەکی زۆر بەم شوێنە بدرایە، کەچی نازانم بۆچی ئیدارەی کوردی لایەک لەم شارەناکاتەوە و گرنگی پێنادات بەراستی نەک هەرمن زۆر کەسی دڵسۆزی ئەم نەخۆشخانەیە تووشی بێزاری و دڵ تەنگی بووینە، چونکە کارەکان وەکو پێویست نارۆن"

کاک **ئەنوەر** کە لە بەشی ئیدارەی نەخۆشخانەکەیە، بە ئێمەی وت: 'کاکە گیان ئەوەی پێی دەڵێن یاسای توندوتۆڵی دەرگای نەخۆشخانە و هاوچۆکەرانی و سەردانی کەرانی تەنیا بەسەر خەڵکی هەژار و نەدارادا جێ بەجێ دەکرێت، چونکە بەراستی بەسەر هەندێ کەسدا نەک دەسەڵاتمان نییە بەڵکو هەندێ جار بە مشتەکە دەمانچە و بۆکز لێمانیشیان داوە، ئیتر باسی چی بکەم و چی بڵێم، ئەگەر کورد و مەسئول و زابوتە کوردەکان خۆیان وامان لەگەڵا بکە ئیتر بچین بۆلای کێ؟ بۆلای بەرەی تورکمانی کە خۆیان بوونەتە مایەی فتینە لەم شارەدا، یان بۆلای عەرەب کە هەموو ئاواتیان گەرانەوەی بەعسیەکانە"

وڵاتی **(سەبیحە حەمە کەریم)** کە لە شوێنی چاوەروانی ئیشاعە گرتندا چاوەروانی دەکرد زۆر توورە ببوو لەو فەرمانبەرە کچەی کەلەوێ کارەکانی جێ بەجێ دەکرد، لە ئەنجامی قرەقرو شەری نێوانیان کۆمەڵێ جنێوی ناشیرینیان بەیەکتردا، هەرچی فەرمانبەرەکە بوو زۆر دەمدرێژ و لەخۆبایی بوو، قسەی خراپی دەگوت بە(سەبیحە)، بەڵام نەیدەوێرا بانگی پۆلیس بکات، چونکە لەسەر هەق نەبوو، نهێنی دیکەی لە لای ژنەکە هەبوو، چەندێ هەوڵماندا کە سری بزانین هیچ کامیان نەیان درکاند، بەڵام نەخۆشەکە ئەوەندەی وت: "ئەم ئیشاعەیە لە بازار بمگرتایە کەمتری تێئەچوو، زووترش دەدەچوو، ئەوە کەی نەخۆشخانەیە؟! هەی خوا لەناویان دات"

دوای ئەوەی نەخۆشخانەمان جێهێشت، بۆ فەرمانگەی نفوسی (شوان کەرکوک) چووین لە شەقامی ئەتڵەس، تا بزانین چی باسە، لە راستیدا قەرەباڵغی یەکە ئەوەندە زۆر بوو، هەروەها پۆلیسەکانیش ئەوەندە بێ زانیاری و نەزانانە وەڵامیان داینەوە نەمانویست بچینە ژوورەوە، بەڵام لەگەڵ وڵاتیەکی پیر کە ناوی **(سەیفەدین رەشید)** بوو بەشێوەیەکی فەرمی و بەناوی رۆژنامەوە کەوتینە گفتوگۆ و پرسیار و وەڵام، لە ئەنجامدا لەسەر رەزامەندی خۆی قسەکانمان بەم شێوەیە تۆمار کرد:

"من پێشمەرگەیەکی شۆرشی ئەیلول بووم، لەدوای توانەوەی شۆرش ماوەیەکی پێ چوو خزمێکی خۆم هات بۆلام، ووتی بە نهێنی پێشمەرگە پەیدابۆتەوە، با پەیوەندیان پێوە بکەیەن. منیش رازی بووم، ئەو کاتە روبعێ زۆر بی، روبعکیشم دا، وەڵا ماوەیەکی پێ نەچوو حکومەتی بەعس گرتمانی، دوای ماوەیەکی زۆر لە ئەمن، شەش ساڵ لە ئەبو غرێب حکوم دریام. ئێستا گەرەکمە معامەلەی زیندانی سیاسی بکەم داوای تەئید نفوسم لێ دەکەن، ئێ من ئەزانم خەڵک هەیە لەبەر(........)گیراوە معاملەکەشی تەواو کردووە، هینەکەی منیش چووەتە قورا و ئەویش حاڵ دایرەی نفوسەکەمانە، نازانم و تێ ناگەم ئەم شارە بۆ پشت گوێ خرایە؟! تۆ بڵێی هین ئەو نەوتانە بێت کە کوردستان دەریان کردووە و ئیتر بڵێین کەرکوکمان ناگەرەکە، ئەرۆی بۆ هەر شوێنێ لەم شارە ئاوا فەرتەنە و قەرەباڵغیە، نازانین چی بکەین، وەڵا مەگەر هەر بڵێین خوا چاکی کات، ئەگینا ئەمە حاڵ و گوزەران نێیە وەدەست ئەم حکومەتەوە، ئەوەی واسیتەی هەبێ ئیشی ئەروا، ئەوەشی وەک من نەگبەت بێ ئەوێ رایکێشێ"

دوای ئەو قسانە و ئەو راز و نیاانە ئێمەش دەڵێین تکایە ئاورێکی جدی لەم شارە بێ نازە بدەنەوە.

**ئامادەکردنی: بێستون و نەوزاد**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com